سەرۆك کۆمار: عێراقییەکان لە سەختترین هەلومەرجدا دەستبەرداری خوێندنەوە نەبوون و پشتیان لە کتێب نەکردوە



بە چاودێری سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ پێنجشەممە 8-2-2024 چالاکییەکانی سێیەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە نەجەفی پیرۆز دەستپێکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە:-,,سەرۆك کۆمار لە ڕوونکردنەوەی پێشانگاکەدا، کە هەریەك لە د.ئەحمەد ئەلموبەرقەع وەزیری لاوان و وەرزش، ژمارەیەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، حسێن عیساوی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەجەف و کەسایەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ئامادەیبون، وتەیەکی پێشکەشکرد و دوپاتیکردەوە، کردنەوەی پێشانگاکە گرنگییەکی ناوازەی هەیە، بەوپێیەی نەجەف شاری زانست و ئەدەب و زمان و فیقهە، هەروەها شوێنی لە ئامێزگرتنی حەوزە ئایینییەکانە.

سەرۆك کۆمار ئاماژەی بۆکرد، عێراقییەکان لە سەختترین هەلومەرج و لێژەر حوکمی ستەمکارترین و دڕندەترین دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا، دەستبەرداری خوێندنەوە نەبوون و پشتیان لە کتێب نەکردوە. ئەمەش نەجەف گەواهیدەری هەستانوێیەکی زانستی و هزری و جوانوێیەکی چاپ و باڵاوکردنەوەیە، کە پێشنگی ڕۆشنگەریی و هەموومان دڵخۆش دەکات.

ئەمش دەقی وتەکەی سەرۆك کۆمار؛

خوشکان و برایانی ئامادەبووی بەڕێز ..

سڵاوی خوداتان لێبێت ..

خۆشحاڵم ئەمڕۆ لەگەڵتاندام بۆ کردنەوەی کارەکانی سێیەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە نەجەف، ئەگەر چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان لە ژیانی نەتەوە و گەلاندا گرنگییەکی زۆری هەبێت، ئەوا گرنگییەکەی لە پارێزگای نەجەفی پیرۆزدا ناوازەترە، لەبەرئەوەی نەجەف شاری زانست و ئەدەب و زمان و فیقهە، هەروەها شوێنی لە ئامێزگرتنی حەوزە ئایینییەکانە.
لەمڕۆ ئەو وتە بێناوبانگە لێناو خەڵکدا باوبووتەوە کە؛ قاهیرە دێنوسێت، بەیروت چاپ دەکات، بەغداش دەخوێنێتەوە، ئەمش ئاماژەیە بە ڕادەی تێشنەگەیشتنی ڕۆشنبیری و زۆری ژمارەی ڕۆشنبیران لە دەیەکانی ڕابردودا لە عێراق.
ئەمە مافی خەمانە بە خێنوویستییەکی زۆرەوە بانگەشەی ئەوە بکەین، کە عێراقییەکان لە سەختترین هەلومەرج و لێژەر حوکمی ستەمکارترین و دڕندەترین دەسەاتە دیکتاتۆرییەکاندا، دەستبەرداری خوێندنەوە نەبوون و پشتیان لە کتێب نەکردوە، کتێب بەشوەیەکی نهێنی لە نێوانیاندا دەستاودەستی کردوە دوای ئەوەی ڕژمە تۆتالیتارییەکان سانسۆری خەیان بەسەر مافی دەربڕین و نوسین و بڵاوکردنەوە و تێنانێت خوێندنەوەدا، سەپاندبو.
نەجەفی پیرۆز هەر لە سەرەتاوە و پێش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق، بزوتنەوەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی لێخگرتبوو، یەکەم چاپخانەی هەمی زیاتر لە سەدەیەک لەمەوبەر لێرە لە نەجەف، دامەزرێندرا.
نەجەف لە سەردەمی ڕژمی پێشوودا دوور نەبوو لە جوڵانەوەی چاپ و بڵاوکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی وەک پارێزگاکانی دیکەی عێراق کەوتبوە ژێر سانسۆرێکی تووندەوە و لەو سەردەمشدا مانایەکی ڕاستەقینەیان بە بزوتنەوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نەهێشتبووەوە دوای ئەوەی دیکتاتۆر و دێزگا سەرکوتکەرەکانی کۆنترۆڵی چالاکی نوسین و نوسەرانیان کردبو.
ئەمە نەجەف گەواهیدەری هەستانەوەیەکی زانستی و هزری و جوڵانەوەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە، کەمترین شت دەربارەی بگوترێت ئەوەیە کە پێشنگی ڕۆشنگەریە و هەموومان دەخێش دەکات، ڕابون و ڕێنیسانسێکی مەعریفی یان کلتورێکی واقیعی نییە - بە بڕوای من- تەنها لەگەڵگەی کتێب و کتێبخانەوە نەبێت.
هیوای سەرکەوتن بە ڕێکخەران و سەرپەرشتیارانی پێشانگاکە دەخوازین، پێشکەوتنی زیاتری زانستی و

رابونی معریفی بۆ شاری زانست و زانایان.

دوبارە ساوی خوداتان لێبێت